ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

کاریگەری Blur Animation بۆ نووسین

نووسەر: Alan Kemal
@: Alan.Kamal@Gmail.Com

لەم وانەیەدا فێر ئەبیت کە چۆن نووسینێکی جوولاو دروست بکەیت کە بتوانیت دواتر لەکاروباری ووێبگەدا بەکاری بەیت.

1.فۆتۆشۆپ بکەرەوە، پاشان دوو نووسین بنووسە بە هەمان ڕەنگ لەسەر پاشبنەمای transparent،
2. بە لای ڕاستی مشکەکەت کرتە لەسەر چینی نووسینی یەکەم بکەو پاشان Dublicate Layer بۆ ئەوەی نووسینی یەکەم لەبەر بگرینەوە، پاشان ئەم کاریگەریەی بۆ زیادبکە بۆ چینە لەبەر گیراوەکە،
Filters > Blur > Motion Blur

بەم نرخانە؛
Angle : 0
Distance : 25
3. هەمان هەنگاو بنێ بۆ نووسینی دووەمیش،




4. پاشان ،
File > Edit in ImageReady
بۆ ئەوەی کاریگەریەی جوولاوەکەی بۆ زیاد بکەین.
5. ئێستا وەک لەم وێنەیەی خوارەوە دیارە کرتە لەسەر ئەو هێما ڕەشە بکە (کە بە بازنەیەکی سور د یاریکراوە) پاشان " Make Frames from Layers " هەڵبژێرە،




5. ئێستا چینی سێهەم لەبەربگرەوە (Dublicate) پاشان بیبەرە لای ڕاستی چینی جوارەم ( Drag it ).
6. چینی دووەم لەبەر بگرەوە و بیبەرە لای ڕاستی چینی پێنجەم،




7.ماوەی نێوان چینەکان هەروەها چەند جار دووبارە بێتەوە دیاري بکە بە کرتە کردن لەسەر ئەو دوو هێمایەی کە بە ڕەنگی شین و سەوز دیاریکراون،




8.ئێستا پاشەکەوتی بکە

File > Save Optimized

یان

File > Save Optimized As

وێنەی کۆتایی،




تێبینی: لە کاتی کارکردن لە ImageReady مەبەست لە چین "Frame" وە لە کاتی کارەکان لە فۆتۆشۆپ مەبەست لە چین "Layer" ە.

کۆتایی.

Feb 2006 16

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت